پەرلەمانتارێک: دەستبەسەرکردنی هاکان جبوری لەسەر ئەو هاپەرتانە بووە کە لەلایەن دەزگای چاودێری فیدراڵییەوە دەرچووە



ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوە دەکات، دەستبەسەرکردنی پارێزگاری پێشووی کەرکووک لەسەر بنەمای ئەو هاپەرتانە بووە کە لەلایەن دەزگا فەرمییەکانی چاودێری فیدراڵییەوە دەرچووە، نەک لە ئەنجامی سکاڵا کانی لایەنە سیاسییەکان یان کەسایەتییەکان.

دووشەممە، 21ـی نیسانی 2025، کەریم شکوور، ئەندامی لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی عێراق جەختی کردەوە، دەستبەسەرکردنی هاکان سەعید جبووری، پارێزگاری پێشووی کەرکووک لەسەر بنەمای تۆمەتنامەکانی پەیوەست بە بەفیڕدانی سامانی گشتی و خراپ بەکارهێنان و گەندەڵیی بووە لە ماوەی بەڕێوەبردنی پێستەکەیدا.

کەریم شکوور ئاماژەی بۆش کرد، بانگهێشتکردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵ هاکان جبووری لەلایەن دادگاوە لەسەر بنەمای ئەو هاپەرتانە بووە کە لەلایەن دەزگا فەرمییەکانی چاودێریی فیدراڵییەوە دەرچووە و دەرئەنجامی داوای یاسایی یان سکاڵا نەبووە کە لەلایەن لایەنە سیاسییەکان یان کەسایەتییەکانەوە تۆمار کراوە.